پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە نێوان دوو سوژدەکەدا دەیووت: «اللهم اغفر لي، وارحمني، وعافني، واهدني، وارزقني

لە ئیبن عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە نێوان دوو سوژدەکەدا دەیووت: «اللهم اغفر لي، وارحمني، وعافني، واهدني، وارزقني»^. ^(واتە: خودایە لێم خۆش ببە، وڕەحمم پێببکە، وسەلامەت وتەندروست باشم بکە، وهیدایەتم بدە، وڕزقم پێ ببەخشە).

[حەسەنە بە ئاماژەکانی تر] [(أبو داود والترمذي وابن ماجه وأحمد) ڕیوایەتیان کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە نێوان دوو سوژدەکەدا ئەم نزایەی دەکرد کە پێنج داوای لەخۆگرتووە، ومسوڵمان زۆر پێویستی پێیانە، وئەم نزایە هەموو خێرەکانی دونیا وقیامەتی لەخۆگرتووە، لە داواکردنی لێخۆشبوون وداپۆشین، وڕەحم پێکردن، وعافیەت وسەلامەتی لە گومانەکان وشەهوەتەکان ونەخۆشیەکان، وداواکردنی هیدایەت لە خوای گەورە وجێگیر بوون لەسەری، وڕزق وڕۆزی لە ئیمان وزانست وکردەوەی چاک، وپارە وسامانی حەڵاڵ وپاک.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/10930